www.kurdistannet.org
17-8-02 12:49:37

# سۆراخ

ناڵە حەسەن
کەنەدا / ئایاری 2000



له ترۆپکیترین هەرەتی جوانیم
گەمە بێ ئاگاییەکانم به گۆبەندیان بردم
له شەوێکی شەپۆلاوی و
له رۆژێکی پر له رازو
له ئێوارەیەکی ئارامی و
له بەیانیەکی باراناوی. . . .
تریفەی مانگە شەوی عومرم به وەسیەت چوو
خەونەکانم به رەشەبا و پەنجەکانم به بەفر سپارد. . . !
گۆرانیەکانم به بەلەمەکانی دەریای خەیاڵ و
تابلۆی یادگارییەکانیشم به پەنجەرە کراوەکانی " با"
شەرابە ئەفیونیوکانی خۆکوشتن لێرەیە یان لەوێندەرێ. . . ؟
ئێستا له هەناسەی غوربەتیترین و سەرخۆشیترین ساتە سەرمەستەکانم
لەژێر چەترە راموسانیەکان ئەشکێکی گەرم دەنۆشم ئەشکێکی تەر
تەرتر له زەردەخەنەی کەڤاڵێکی خەنەیی
بێنازن / کەژاوەی وەرزە هەڵماوییە ئاتەشیە دۆزەخیەکان
وەرزە / ئەرخەوانیەکان، تاراییەکان، زێرینیەکان، برونزیەکان
گریانی هونەرمەندێکی عاشق و کچۆڵەیەکی ڤینۆسی و تابلۆیەکی سریالی و
هەرزەکارێکی سەرخۆش،
چ ئایندەیەکی ئاوی لێ دەردەچێ. . . ؟!
ئەم ئایندە پەروانە ئاوێنەییانە /
خۆرەتاوی خەوناویترین خەونە خۆش خۆشەکانمانن.
ئێمە به گۆرانیە خۆرەتاوییە ئاوێنەییەکانمان و
به ئایندە رووبارییە روون روونە رازەییەکانمانەوە ماوین. . . !
پایزە. . .
دڵ پر له رازترو
شەفەقاویترو
ئەڤیناویترین له خەزان.
پایزە پایز. . .
ئەم وەرزە کۆرپەی رەنگە جوانەکانی عەشق رادەژەنێ

www.kurdistannet.org

ڕەنگەکان گەمە لەگەل ڕازەکانمان دەکەن
ئایندەی خۆمان لە نێو مەمکۆلەی ڕەنگەکان بە جێهێشت
پەراگەندەبوون و فەنابوون لێرەوە دەست پێ دەکەن
ڕەنگە پەنجەرە داخراوەکانی ئومێدمان تا ئەبەد نەکرێنەوە
ڕەنگە چوارشێوەی تاریکی جەستەمان،
دەریا نوستووەکانی زەمەن بە خەبەر بهێنێ
دەروازەی موحیبەت لێرەیە یان لەوێندەرێ. . . ؟
شەوانان چاو دامەخەن
ئەستێرەترین یادگارییەکانتان مەنێژن، زیندەگیتان پیرمەکەن
بە شەو
فانوسە کزەکانی ماڵەکانمان مەکوژێننەوە با هەر گۆرانیمان بۆ بڵێن
دەترسم
چیتر کۆترەکان
لەبەر دەرگای ژوورەکانمان
لە پێش پەنجەرە و
لەنێو باخچەی ماڵەکانمان، سەما نەکەن. . . !
شەوانان چاو لێك مەنێن
لە پشت دەرگا داخراوەکان زیندەگی هەیە
فانۆسە کزەکان مەکوژێننەوە
لەودیو تاریکی ماڵەکانمان عەشق هەیە
درەختە پایزیەکان مەسووتێنن
لەبن گەڵا هەڵوەریوەکان شکۆفەی ڕۆشنایی هەیە.
بوخچەی باکراوندی بێ گوناهیتان بکەنەوە و لە ژێر کاژی ساکاریتان
فریشتەترین پەپوولە مومارەسە لەگەل خۆرەتاوی شەودا دەکات
ئەم دەریاچەیە بەرەو کوێمان دەبات. . . ؟!
دەتوور هەڵدەن ئەو کاتژمێرانەی لاوکە خورافیەکانتان فێردەکەن
دەبا دەرگای دەربەندەکان بکەینەوە
وەرزەکانمان بە فرمێسکە شەپۆلاوییەکان ئاو بدەین و قژە خاوەکانیان
لە ئێسکی نەورەسە شکۆفەییەکان بئالێنین
خەونەکانمان ئارامیە لە ناخی گیا
پێکەنینەکانمان عەشقێکە لە خەیاڵی ماسی
گریانەکانمان سەمفۆنیایەکە لە جەستەی سروشت
دە ئەم شەقامە بریندارە خەوتووانە بە خەبەر مەهێنن
منیش لێرەوە ئێوارە سووورباوەکانم بە هەڵمی سەر گەڵا سپێدەییەکان

دەلاوێنمەوە.

دەمێکە چرایەك لە نێو لەپی دەستەکانم دەسووتیٚ

تا رۆشنایی شەوەکانتان جوانتر بم ناسێتەوە

دەمێکە شووشەیەك شەرابم هەڵگرتووە

دەمەویٚ لەگەڵ ئەو پاساریانە بیخۆمەوە

کە لە ناو چاوەکانیان لەوحەی سۆراخی ئێوە دێتە بەردیدەم

لە کاتی مەست بوونیشمان بچینەوە نێو ئامێزی دوێنێمان و

لە وێندەریٚ زیندەگی هەیە. . . !

چ وەرزێکی تەمەنمانە. . . ؟

ئەم دەریاچەیەش بەرەو کوێمان دەبات. . . ؟

درەنگە درەنگ لە دەرگای کام پەرژین

بچینە ناو ئەو باخچەیەی کە لە وێندەریٚ بەهار نەسیمێکی هێمنە

کام دەرگا، کام رەشەبا. . . ؟

رۆژمێری تەمەنمان بە گیا دەنەخشێنیٚ

پایزە پایز / من وەرزەکان و دەریاکان و

ئایندەی خۆم بە عەشق رەنگ دەکەم بە عەشق. . . !

ئایاری 2000

Nala_kholia@hotmail.com

www.kurdistannet.org